# گوتاری ۳۵مین سالیادی شەڕی سنە

**تەیفور بەتحایی**

میللەتێک خەڵکێک دەیەوێ بە دڵی خۆی بژی. دەیەوێ ئازاد و سەربەست بێ. دەیەوێ خۆی حاکمی خۆی بێ، بەڵام لەو کاتەوە کە دنیا دابەش کراوە، ئەم ئارەزووە لە دڵاندا قەتیس ماوە. مێژوو پڕە لە خەبات بۆ ئەم ئاواتە. پڕە لە داستان و ئەفسانەی خۆڕاگری و قارەمانەتی و شەڕ. پڕە لە خوێن و کوشت و بڕ و قەڵاچۆ کردنی ئەو خەڵکانەی کە وێراویانە داوای کەسایەتی خۆیان بکەن. پڕە لە برسیەتی و هەژاری و دەربەدەری ئەو کەسانەی کە خەباتیان کردووە. ئێمە نە یەکەمین و نە ئاخرین. ئێمەی کورد گوڵە سورێکی چکۆلەین لە نێو باخێکی هەزار گوڵی هەزار پەڕدا.

هیچ دەسەڵاتێک بە رەزای خۆی دەسەڵات بەر نادا، مرۆڤ وایە. بەڵام ئەمە هیچ کات نەبووەتە هۆی لە نێوبردنی ئاواتەکان. ئاوری ژێر خۆڵەمێشە بە بایەک دەگەشێتەوە.

شارێک بەرگری لە کەرامەتی خۆی کرد. بە بێ پشتیوان و داوخوازی مەزڵومانە لە ئەم و ئەو. منەتی بە کەس نییە. شارێک لە چرکەیەکی مێژووییدا ویستی بە دڵی خۆی بێ. تاوانەکەشی دا. ئەوە ئەو کەرامەتەیە کە پاش ۳۵ ساڵ ئێمەی لە دەوری یەکتر کۆ کردووەتەوە.

---

۳۵ ساڵ تێپەڕیوە. تاک و تەرایەک وەکوو من هێشتا ماون کە چیرۆکی یوسف بۆ زوڵەیخا بگێڕنەوە، بەڵام دە ساڵی دیکە ئەمانەش نامێنن. ئەوەی کە دەمێنێ ئەو دێکومێنتانەیە کە لێرە و لەوێ دەست دەکەون.

من دەمەوێ لێرە بە پێ ئەو دێکومێنتانە کە هەیە و لەبەر دەست مندا بووە، شک نییە کە دێکومێنتی دیکەش هەیە کە من دەستم پێ ناگا، بە تایبەت کە هێزەکان لەبەر بەرجەوەندی ئێستایان نایخەنە بەردەست. هەرچۆنێک بێ، با وای دابنێین کە یەکێک وەکوو کوڕەکەی من کە دوای ئەو شەڕە بە دنیا هاتووە، یان کەسێکی ئاڵمانی بیەوێ لە چۆنیەتی رووداوەکە سەر دەربێنێ. تەنیا شتێک کە دەتوانی کەڵکی لێ وەرگرێ دێکومێنەکانن. من دەمەوێ لەم کاتە کەمەدا، بە بێ تێکەڵ کردنی روانگەی سیاسی خۆم، یان رق و تووڕەیی و خۆشەویستی، ئەو شتەی کە لە دێکومێنتەکان تێگەییشتووم لەگەڵ ئێوەی بەش بکەم و تکاشم ئەوەیە کە ئێوەش هەر بەو گیانەوە گوێ لە قسەکان بگرن.

قسەکانم لایەنگری و ڕەخنە لە هێزەکان نییە، ئەوە ئەوان خۆیان دەبێ ڕەخنە لە خۆیان بگرن کە نایگرن و نەیانگرتووە.

بەر لەوە بچمە ناو باسی شەڕی سنە پێشەکییەک بە پێویست دەزانم.

شۆڕشێک قەوماوە، هێندەش بە پەلە قەوماوە کە خەڵک و هێزە سیاسییەکان، کە بەشێکیان پێشتر هەبوون و بەشێکیان هەر لەو بشێوەدا پێکهاتن، نەیانپەرژاوە بیر لە چەند و چۆنی داهاتوو بکەنەوە. لە ڕاست و لە چەپ هیچ بەرنامەیەکی دارێژراویان نییە.

ئەو کەسە کە خەڵک چووەتە ژێر باڵی و کردوویە بە ڕێبەر، جگە لە وشەی ئیسلام هیچی دیکەی پێ نییە. ئیسلامیش پاش ماوەیەکی کورت دەردەکەوێ کە فێقەکەی لە هەموو ئەو سەدان ساڵەدا لە ناوقەد بەرەوسەرتر نەهاتووە و لە ئەحواڵ شەخسییە تێنەپەڕیوە. وەڵامی یاسا کۆمەڵایەتییەکان ئەویش لە سەدەی بیستەمدا ناداتەوە. بۆ نموونە نازانن یاسای هاتووچوو چۆن لەگەڵ فێقی ئیسلامیدا ڕێک بخەن. پێشتریش خۆیان زۆربەی کردەوەکانی ڕژیمی پێشوویان حەرام کردبووە. ڕێگایەک دەبیننەوە: دەڵێن چوونکە ئەودەم ڕژیم تاغوتی بووە ئەمانە حەرام بوو، ئێستا کە حوکومەت ئیسلامییە، حەرام نین. (ئەمانەم لە فتواکانی خومەینی دەرهێناوە) کە حوکومەت بوو بە ئیسلامی هەر کەس دژی بوەستێ موفسێدە و خوێنی حەڵاڵە. ئەمە لە لایەک.

دوای هەر شۆڕشێک ئەگەر بیچوێنین بە بوومەلەزە، یەک سری پەس لەرزەی هەیە. کۆمەڵ دەشڵەقی، شەپۆل دەدا، چین و توێژەکان بە گژی یکدا دەچن (ئەوەی پێدەڵێن خەباتی چینایەتی) هەتا یەکێک بەسەر ئەوانی دیکەدا زاڵ دەبێ. بەرەبەرە هەر بەشێک جێگای خۆی دەبینێتەوە و باڵانسێک پێکدەێ و دادەمرکێتەوە. ئەم دەورەیە لە ئێران بە هۆی ئەوە کە شۆڕشەکە کاڵ بوو، ماوەیەکی زۆری خایاند. بە تایبەت لە کوردستان.

بەگشتی هێزە ناحوکومییەکانی ئەودەم لە ئێراندا دەبوون بە دوو دەستەوە.

لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم بابەتەدا، خومەینی قسەیەکی هەیە کە پڕ بە پێستی هەلومەرجی ئەو کاتەی هەموو ڕێکخراوە سیاسییەکانە. دەڵێ: ئێمە دوو دەستە بوین. یەک دەستەمان لە مەدرەسەوە هاتبووین و تێکەڵ ببوین، یەک دەستەمان لە دەرەوەی وڵاتەوە هاتبووینەوە. نە ئێمە ئەم ئەزمونە ئینقلابیەمان هەبوو و نە ئەوان ئەو گیانە شۆڕشگێڕییە. ئێمە بە هۆی بێ تەجرەبەییەوە ئەو کارانەی کە دەبووا لەسەرەتاوە کردباما بە مەسڵەت گوزەراندمان و هەر ئەوەش بوو بە هۆی ئەم کێشەگەلە.

هێزەکانی دیکە جگە لە ڕێکخراوی مەلاکان، دەستەیەکیان دەچنە بنپاڵی خومەینی، بە بیانووی دیفاع لە تامیت ارزی (جەبهەی مێللی) یان خەباتی دژی ئیمپرِیالیستی (تودە و توفان) یان داوای بەش دەکەن (موجاهێد). دەستەیەکیش هەست بە مەترسییەکە دەکەن و نایانەوێ حوکومەت ببێ بە ئیسلامی. بە تایبەت ئیسلامی شێعە، بەڵام دوکتورینێکی دیاریکراویان نییە.

لە کوردستانیش هەر ئەم دوو دەستەییە دروست دەبێ دیارە بە کەمێ جیاوازییەوە.

هێزەکانی بەرەی ناڕازی بە دوای ڕووداوەکان دەکەون. حوکومەت کارێک دەکا و ئەمان دژکردەوە نیشان دەدەن. هەمووشیان لە سەرەتاوە لە یەک شتدا هاوبەشن. ڕێبەری ئیمام خومەینی. لە هەموو ئیتلاعیە و وتووێژەکانی راست و چەپدا چوار دروشم دووپات دەبێتەوە. تەمایەت ئەرزی، ڕەهبەری خومەینی. موبارەزەی دژی ئەمپرِیالیسم. مافی چارەنووس لە شێوەی خودموختاریدا.

چەند نموونە: حەفتەمی فەروەردینی ٥٨ هەشت مادەی کوردستان رهبەری ئیمام و حوکومەتی ئیسلامی و خودموختاری تێدایە

قەتعنامەی کۆتایی کۆچی مەریوان. مادەی چوار خودموختاری، مادەی پێنج تمامیت ئەرزی.

ئیتلاعیەی بەشدار نەبوون لە ڕێفراندوم. شەرتی کۆمەڵە، دێمۆکرات و شێخ عزالدین: بە رەسمییەت ناسینی مافی خودموختاری لە چوارچێوەی ئێرانی دێمۆکراتیدا.

شەش مادەی هەیئتی نمایندگی خەڵکی کورد. ڕێبەری ئیمام. داوای خودموختاری.

مفتی زادەش کە لە دەستەی ئەوبەر بوو، دەیگوت خودموختارییەکە لە گیرفانم دایە.

شتێک کە لە هەموو ئەم بەیان و چاوپێکەوتنانەی ئەوکاتەدا هاوبەشە، ئەوەیە کە هیچ بەرنامەیەکی دیاریکراو لە پشت ئەم دروشمانەوە نییە. نازانین مەبەست لە دێمۆکراسی چییە. خودموختاری دەبێ چۆن بێ. ئەگەر ئەمەمان ناوێ چمان دەوێ. جار جار باسی مافی زەحمەتکێشان، یان قەرەبووی دواکەوتوویی ئابووری کوردستان دەکرێ. بەڵام مافەکان و شێوەی قەرەبووەکە دیار نییە.

بەرەی چەپیش وەکوو بەرەی راستە کە هەر دەڵێ ئیسلام. گەرچی ئیسلام بۆ خەڵک شتێکی تازە نییە، بەڵام نازانن ماف و دەستکەوتەکانیان چ دەبێ. سەدان تەفسیر لە ئیسلام هەیە. کامی دێتە گۆڕێ؟

هیچ لێکدانەوەیەکی کۆمەڵایەتی لە پشت داواکانەوە نییە. بە پێ چ فاکتەرێکی کۆمەڵایەتی دەبێ ئەم مافە ئاوا بێ و بە شێوەیەکی دیکە نەبێ؟ هەر کەس لە لای خۆیەوە ڕەنگە هێندێ لێکدانەوەی بە پێ

قازانجی ڕێکخراوەکەی هەبووبێ، بەڵام لە دێکومێنتەکاندا دەرناکەون. خەڵکیش بە ڕاستی نازانێ چی دەوێ و دەبێ چ بکا. هەر وا کە موسڵمانەکان عەقڵی خۆیان دابووە دەستی مەلاکان و دەیانەویست ئەوان بڕیاریان بۆ بدەن، خەڵکی ئێمەش چاو لە دەمی هێزە سیاسییەکان بوو کە بڕیاریان بۆ بدەن.

ئەم دیاردەیە خۆ بە خۆ دەبێتە هۆی ئەستاندنەوەی کەسایەتی لە خەڵک و ئاکامە خراپەکانی دوایە دەر دەکەوێ.

ڕووداوەکانی کوردستان پشوویەکی وای تێیدا نەبوو کە ڕێکخراوەکان بتوانن دانیشن بیر بکەنەوە نەخشە ڕێگایەک بۆ داهاتوو بکێشن. گەرچی ئەمە پاساوێکی باش نییە.

باری نیزامی ڕووداوەکان بەسەر جووڵانەوەکەدا زاڵ ببوو. بە دەیان خەبەرنامە و بەیان سەبارەت بە شەڕ و پێکدادان لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستاندا دەردەچوو. خولقێنەری بەشێکی ئێمەین و بەشێکی حوکومەت، لە یەکتریش تێناگەین. خەڵکیش گەرچی سەرمان بۆ دادەتەکێنێ بەڵام ئەویش تێناگا. بۆ نموونە: دیار نییە لەو خودموختارییەدا پێشمەرگە دەوری چییە؟ پاسەوانە، ژاندارمەیە، بادیگاردی هێزە سیاسییەکانە. هێزی بەرگرییە یان ئەرتەشە. ئەی ئەمانە ئەو قوربانی دانەی دەوێ. ئەگەر دەیەوێ بۆ؟

لە ٢٣ مادەییەکەدا هێندی شت دەستنیشان کراوە، بەڵام هەر زوو لەبیر چووەوە و کەس داوای نەکردەوە.

لە بەهاری ٥٩ دا ڕژیم هەموو بنیاتە ئیدارییەکانی خۆی دانابوو، پارلێمان و خوبرەگان و یاسای بنجینەیی و سەرۆک کۆمار و دەوڵەت. بۆ بڵاوکردنەوەی دەسەڵاتی خۆی ئامادە ببوو. تەنیا کێشەی کوردستان مابوو کە چارەسەر بکرێ. دەبێ زانیبێتیان کە کوردستان ئەوە نییە کە بە ڕواڵەت خۆی دەنوێنێ. دەیانزانی دووبەرکی لەنێو هێزەکاندا هەیە، جەماعەتێک بە نێو پێشمەرگەی موسڵمان لەگەڵ حوکوومەتە. پێشمەرگەی هێزەکان چەکوچۆڵی وایان نییە کە بتوانن لە بەرانبەر ئەرتەشدا خۆیان بگرن و هێزی سەرەکییان کە حێزبی دێمۆکرات بێ هەر داوای وتوویژ دەکا، پشتیوانیی دەرەوەشیان نییە. (ئەودەم نەیانبوو) ئەوە بوو کە بە هیچ شێوەیەک نەدەچوونە کەوانی ڕێککەوتنەوە. لەلایەکی دیکەشەوە دەیانەویست ئەرتەش و سوپا لە شەڕێکدا تاقی بکەنەوە و میزانی ئەمەکارییان هەڵسەنگێنن. ئەگەر ئەرتەشێک توانی هاووڵاتییەکانی خۆی قەلاچۆ بکا ئەوە دەکرێ پشتی پێ ببەستی.

هێزەکانی کوردستانیش لە بیروبۆچووندا زۆر جیاواز بوون. حێزب پێی وا بوو ڕژیم لاوازە و دێتە پای مێزی وتوویژەوە، بۆیە تەنانەت لەکاتی شەڕەکەشدا هەر داوای لە بەنی سەدر دەکرد شەش مادەی حێزب پەسند بکا و شەڕ ڕاگرێ. ئەم شێوە بێگومان کاری دەکردە سەر ئامادەنەبوونی بۆ بەرەنگارییەکی

بەرنامەیی و ڕێکوپێک. تەنیا ئەوەندە بوو کە نەیدەویست لە شارەکاندا شەڕ بکرێ با خەڵک ماڵوێران نەبێ. بە پێچەوانەوە کۆمەڵە دەیەویست بەرەوڕووی جموجۆڵە نیزامییەکانی ڕژیم ببێتەوە بەڵام هیچ جۆرە بەرنامە و ستراتێژییەکی لەم پەیوەندییەدا نەبوو، بۆیە بە دووی ڕووداوەکان دەکەوت. خەڵکی پێوە دەتلاند و دوایە هاواری لێ بەرز دەبووەوە کە خەڵکیان کوشتووە و ئێمە تۆڵە دەکەینەوە، یان بەرگری لە خەڵک دەکەین. ڕاست هەر ئەو تاکتیکە کە ڕژیم هەیبوو.

بە دووی ڕووداودا کەوتن تایبەتیی کردەوەکانی ئەوکاتەی هێزە سیاسییەکان بوو. شتێک کە ئێستاش بەردەوامە.

ڕێکخراوی فیدایی لە ناچاریدا بوو. شەڕکردن لەگەڵ حوکوومەت نە تەنیا لە بەرنامەیاندا نەبوو، بەڵکوو ڕێبەرەکانیان بە کارێکی دژی شۆڕشیان دەزانی. سەرەڕای ئەوەش لە شەڕی سنەدا زۆر چالاکانە بەشدارییان کرد. بەڵام دواتر فەرماندەکانیان سەرکۆنەکران و پێشمەرگە ئازاکانیان کە هەموویان خەڵکی سنە بوون، بە دەست ڕژیمەوە دران و هەموویان تیرباران کران. (ئەمە یەکێک لەو کردەوانەیە کە هیچ کات بەم ڕێبەرانە نابەخشرێ)

لە هەلومەرجێکی ئاوادا کە باسم کرد. دەگەیینە شەڕی شاری سنە. کە بۆ خۆی درێژەی شەڕی کامیاران و و سەقز و هەورامان و پیرانشار هەر لەو سەروبەندەدایە، بەڵام پێش ئەوەی باسی شەڕەکە بکەم دەمەوێ زۆر بە کورتی ئاماژە بە بافتی کۆمەڵایەتی و سیاسی سنە بکەم لەو کاتەدا.

سنە هەموو کاتێک شارێکی خەدەماتی بووە. بەشێک کارمەندی ئیداراتی دەوڵەتی بوون و بەشێکی بازاڕی. باقییەکەش هەر لە دەوری ئەم دوو ناوەندەدا ژیاون. یان حەماڵی بازاڕ بوون، یان کرێکار بوون و ماڵیان بۆ ئەوانی دیکە دەکردەوە. ئەو پارەیە کە دەدرا بە مانگانەی کارمەندان دەهاتە نێو بازاڕ و ژیانی شارەکە بەم شێوەیە دەگەڕا. شارێکی وەها ئەگەر چوار مانگ حقوقی مانگانەی پێ نەگا دەڕوخێ. پێش شەڕەکە بێکاری و هەژاری بە خەڵکەوە دیار بوو. بێکار ئەوەندە زۆر بوون کە سەندیکای بێکارانیان دروست کردبوو. سەندیکا ئەگەر پارەی بێکاری نەدا، بەکار چ دێ؟  ئەمە ئەو شتە بوو کە لە لایەن هێزەکانەوە هیچ بیری لێی نەکرابووەوە. ئەو هەموو داوای خۆڕاگرییە بەشی ئابوورییەکەی کە بنەمای ژیانە هیچ ئاڵترناتیوێکی بۆ دەستنیشان نەکرابوو. ئەگەر فەرز بکەین حوکومەت گوتبای، باشە خودموختار بن و خۆتان خۆتان بژینن. چمان دەکرد؟ کە بەنی سەدر گوتبووی.

لەباری سیاسییەوە، دەزانین کە هەر پێش بەهمەنی ٥٧ مفتی زادە بنکە و بارەگای خۆی دانابوو. لە بیرمە لە زیندانی قەسر بە کاک شوعەیبم گوت دەڵێن لە سنەش خۆپیشاندان کراوە. گوتی ئەرێ بەڵام

مفتی زاده پێشیان کەوتووە. خوشکم هاتە مولاقات لێم پرسی گوتی ئەرێ ئێمە رێبەری خۆمان هەیە. گوتم رێبەرتان کێیە گوتی کاک ئەحمەو. ئەی موبارەکە.

کە شۆڕش قەوما لات و لوتی سنە کە پێشتر چەقۆ زامندارێکیان لە گیرفان دەنا و بە پشتیوانی کەلانتەری باڵیان فش دەکردەوە و ئازاری منداڵی خەڵکیان دەدا. دیتییان هەر لاوێک دەبینی ژ۳یەکی پێیە و جێگا بۆ ئەوان نەماوە. هەر وەکوو لە کومیتەکانی ئیمام لە شارەکانی دیکەدا روویدا، لە سنەش ئەوانە بوون بە داردەستی مفتی زادە. خەڵکی بێکاریش چەپڵە لێدەری بوون.

وەکوو گوتم مفتی زادە بە نێو مەکتەبی قورئان پاڵی دا بە ئیمامەوە و لەو رێگاوە دەیەویست ببێ بە سەرۆکی کوردستان. ئەویش لێکدانەوەی دروستی لە کۆمەڵگای کوردی نەبوو. کێشەکەی لە پێشدا لەگەڵ سەفدەری بوو، کە شەڕی نەورۆزی قەوماند. دوایە بوو بە کێشەی ناوخۆ و لەسەروبەندی شەڕی سنەدا وەکوو هێزی چەکدار لە ناو سنەدا نەمابوون. لەسەر رێگای کرماشان بۆ کامیاران یارمەتی پاسدارەکانیان دەدا و دوایەش لەگەڵ ئەرتەش هاتنەوە ناوشار، دواتر حوکومەت پێویستی پێیان نەما و بەرە بەرە توانەوە و بە رەسمی بوون بە بەشێک لە سوپای پاسداران.

لە کاتی شەڕەکەدا سێ هێزی سەرەکی هەبوون، کۆمەڵە، فیدایی و دێمۆکرات. چەند رێکخراوی بچووکیش هەبوون کە دەوری بڕیاردەریان نەمابوو.

یەکێک لە پێشمەرگەکانی ئەو کاتە لە بیرەوەرییەکانیدا شتێک دەنووسێ کە پێم وایە جێ خۆیەتی لێرە بیخوێنمەوە. دەڵێ: هێزە سیاسییەکان کە بلوغی سیاسی لازمیان نەبوو، بە بێرەچاو کردنی مافی جووڵانەوەی کوردستان و خەڵکی کورد لە گۆمی دووبەرەکی و دژ بەیەکیدا نوقم ببوون. بە شێوەیەک کە بیریان لە هیچ شتێک نەدەکردەوە جگە لە مافی رێکخراوی خۆیان و شکستی ئەوی دیکە. جگە لە سەرخستنی خواستی گروهی خۆیان هیچ ئامانجێکی دیکەیان رەچاو نەدەکرد. ئەوان بۆ حکومەتێک پێشبڕکێیان دەکرد کە هێشتا بەدەست نەهاتبوو.

من دەپرسم ئایا جەماعەتی خومەینیش هەر ئەو شێوەیان بەکار نەدەبرد. دیارە ئێستاشی لەگەڵ هەموو هەر خۆیان بە حەق دەزانن.

راستییەکەی هەر لە سەری ساڵەوە دیار بوو دەبێتە شەڕ بەڵام هێزە سیاسییەکان سەرقاڵی شتی دیکە بوون، دێمۆکرات هیوای بە موزاکرە بوو. فیدایی خەریک کێشەی ئەقلییەت و ئەکسەرییەت بوو. پشتیوانی کردن و نەکردنی ئیمام. کۆمەڵە خەریک کونفەرانسەکانی بوو بۆ ساق بوونەوە لەسەر نیمە فئودالی یان سەرمایەداری.

یەکەم شتێک کە ئێستاش جێگای پرسیارە، ستراتیژی و تاکتیکی ئەو شەڕە بوو. کە لە هیچ شوێنێک دیار نییە شتێک لەوبارەوە نووسرابێ.

منیش پسپۆڕی ئەو بوارە نیم و ناشمەوێ وردەکاری شەڕەکە هەڵسەنگێنم. بەڵام ئاماژەیەکی کورت بە پێویست دەزانم.

لەباسی ستراتیژیدا بە تایبەت ستراتیژی نیزامی باسی چوار خاڵ دەکرێ. کات، شوێن، هێز و کەرەستە.

لە باری **کاتەوە** ئەگەر وەرزی زستان بوایە شتەکە بەتەواوی دەگۆڕدرا. بەڵام لەباری نەبوونی ئامادەییەوە کاتەکە بە دژی ئێمە بوو.

**شوێن**: شارەکە، وەکوو گوتم شارێکی ناسک بوو. لەباری نیزامییەوە زۆر روت بوو. ماڵەکان زۆربەیان خشت بوون. خیابانەکان شاریان دابەش کردبوو و بە ئاسانی بەشەکان لێک دادەبڕان. تەپۆڵکەکانی دەوری شار و ناوەڕاستی شار سەیتەرەیان بەسەر شاردا هەیە و ئێمە هێزی پایگادانانمان لەو تەپۆڵکانە نەبوو. دوایە کەوتە دەست ئەرتەش و سەیتەر بوو بە سەرماندا. چوار رێگای سەرەکی لە شار دەچێتە دەرێ. جادەی مەریوان. پادگانی لەسەر بوو. جادەی کرماشان هەر پێش شەڕەکە گیرابوو. دەمایەوە جادەی سەقز و هەمەدان. کە ئەویش پێش تەواو بوونی شەڕەکە گیرا. یەک دوو جادەی خاکی بچووک هەبوون کە هەر زوو کەوتنە ژێر ئاگری هێزەکانی حوکومەت. یانێ بە هاسانی گەمارۆ دەدرا. کە درا.

**هێز**: ئەوەی کە لە شاردا کەوتە نێو شەڕ هەر لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی دیار نەبوو بەرنامەی چییە و ئاماجی لەو شەڕە چییە؟

هەر لێرە وەکوو پەرانتێزێک بڵێم: شانازی و سەربەرزی بۆ گیانبەختکردوان و خەباتکارانی ئەو شەڕە مایەوە کە هەر لە سەرەتاوە نەچوونە ژێر باری دەسەڵاتێک کە بنیانی فاشیسمی ئیسلامی دانا . بەڵام ئەمە ناتوانێ ئامانجی ستراتیژی شەڕێک دیاری بکا. قارەمانەتی و لەخۆبردووی باشە بەڵام هیچ تەزمینێک نادا بە سەرکەوتن. هیچ گەڵاڵەیەک بۆ چۆنیەتی بەرگری لەشار دانەڕێژرابوو. فەرماندەیی هاوبەشی نەبوو. هەر هێزێک بە پێ عەقڵی خۆی کاری دەکرد. زۆربەی هەرە زۆری پێشمەرگەکان لاو بوون و ئەزمونی شەڕیان نەبوو. ئەوانەش کە هەیانبوو هیچکات شەڕی شاریان نەکردبوو. شەڕی شار تایبەتی خۆی هەیە. تەنانەت ئەرتەش و پاسداریش شەڕی شاریان نەکردبوو و نەیاندەزانی دەبێ چ بکەن. دەنا ئەو شەڕە بە دوو رۆژ کۆتایی دەهات.

بەنی سەدر لە نێو درۆەکانیدا دەڵێ ئێمە نەماندەویست بە خێرایی شار بگرین چوونکە کوژران و خراپی زۆر دەبوو. ناڵێ نەماندەزانی چۆن دەکرێ شارێک بگری. ئەویش کە فەرماندەی کولی قوا بوو بۆخۆی سەربازی نەکردبوو. هەر وەک زۆربەی فەرماندەکانی ئێمە. تازە ئەگەریش کردبێتیان شەڕیان نەدیبوو. ئەویش شەڕی شار.

بۆ نموونە: یەکێک لە فیداییەکان دەگێڕایەوە کە ئێمە چوار پێشمەرگە لە سێرپێیانی پشت مزگەوتی جامێعەدا گیرمان کردبوو. کالیبر پەنجایەک لەسەر بانی مزگەوتەوە سێرپێیانەکەی دەکوتا و نەیدەهێشت کەس بڕوا. کا ساڵحی کەشکە تونە فرۆش کە کاتی خۆی پێشمەرگایەتی کردبوو، بەوێدا هات. بڕنەوێکی پێ بوو گوتی: بۆ ڕاوەستاون؟ گوتمان ئەو تیربارە ناهێڵێ بڕوین. چاوێکی لێکرد و تفەنگی هەڵێنا و بەگولەیەک کابرای پشت تیربارەکەی بەرداوە. گوتی هەڕۆن دەی.

خەڵک کە دەبوا هێزی پشتیوانی شەڕەکە بن جگە لەوە کە تەوجیە نەکرابوون، بۆ خۆیان یەکدەست نەبوون. گەرچی چەکدارە ئیسلامییەکان رویشتبوون، بەڵام لایەنگرەکانیان مابوون. غەیرە ئیسلامییەکانیش لایەنگری ئەم یان ئەو سازمانەکە بوون و نەیاندەزانی دەبێ چ بکەن. بۆ خۆیان دەیاندیتەوە کە دەبێ چۆن یارمەتی بدەن. ئەوان بە چاوبەستراوی و بیانەوێ و نەیانەوێ لە دووی سازمانەکان کەوتبوون.

**کەرەستە**: نەگوتراو دیارە ئێمە لە بەرانبەر ئەرتەشدا وەکوو ئەوەی دەستمان خاڵی بێ وابوو. چەکی قورسی ئێمە ئارپی جی و کالیبر پەنجا بوو، ئەویش زۆر کەم. ئەوان تانک و تۆپ و تەیارە و هلیکۆپتەریان هەبوو. ئەگەر ستوونەکەی خیابان شاپور نەگیرابا و چەکەکانی پاسگای نەوسوود نەگەیشتبا، رۆژی شەش و حەوت دەبووا هەڵێن.

تەداروکات سفر بوو. رۆژی پێنجەم بوو خەڵک دەهاتن لە مەقەڕەکان داوای نانیان دەکرد. ئەو هەمووە باسی شەورای گەڕەک دەکرا و دەکرێ، نەمانتوانیبوو بە خەڵک بڵێین تفاق بخەنەماڵەوە. یا خۆ خۆمان هەر ماڵێک دوو فەردە ئاردیان پێ بدەین. کاتێک خەڵک نان و ئاو و نەفتی نەبوو بە چی بەرەنگاری بکا و پێشمەرگەش بژینێ. کەسی وام دەدیت بە پێیەوەوە خەوی لێدەکەوت. یانێ سەنگەرەکان جێگرەوەیان نەبوو. بیمارستان پڕ بوو لە بریندار، تەنانەت دەرمانی بێهۆشی و دەرمانی موسەکێن نەبوو.

هەموو ئەمانە نیشان دەدا کە گەرچی دروشمی شەڕ و بەرگری دەدرا بەڵام دەتگوت لە دڵەوە باوەڕمان پێ نەبوو. بۆیە کارمان بۆ نەکردبوو.

لەباری تەبلیغاتیشەوە هەر وا سفر بووین. رژیم ئەو هەموو رادیۆ و رۆژنامە و تلەڤزیۆنەی بەدەستەوە بوو و ئێمە هیچ. تەنانەت ئیعلامییەکی ساکارمان پی نەدەدرا.

دیارە بە پێ هەموو ئەمانە شکست بێ ئەم لا و ئەولا بوو. تاوانەکەشی خەڵک دایان. سەرەڕای هەموو ئەمانە، ٢٤ رۆژ شەڕی بەرگری کرا. هەر ئەمەشە کە شەڕی سنە بووەتە خاڵێکی نموونەیی لە خۆڕاگری و پاڵەوانەتی خەڵک.

چەند تێبینی بۆ کۆتایی:

- هێزەکان زانییان شەڕی نێو شار خەڵک و خۆ بە کوشتدانە و هیچ ئاکامێکی سیاسی و نیزامی لێ ناکەوێتەوە. بۆیە دواتر مەهاباد و پیرانشار و بوکان بە بێ تەقە چۆڵ کرا.
- حێزبی دێمۆکرات دەبووا زانیبای کە سەرەڕای ئەوە کە هەوڵێکی زۆری بۆ راوەستانی شەڕ دا و نامە و پەیامی بۆ بەنی سەدر و خومەینی نارد و تەنانەت ئاگربەسی یەک لایەنەی راگەیاند و هەیئەتی مەلاکان بە سەرکردەیی ئەشراقی چووە مەهاباد، بەڵام هیچ کەڵکی نەبوو. چوونکە لەو حوکومەتە ناوەشێتەوە. حوکومەت دەیزانی ئەوە تەنیا حێزبە داوای رێککەوتن دەکا. دەشیزانی حێزب لە نێو خۆیدا دووبەرەکی هەیە. بەنی سەدر لە شەش سوخەنڕانیدا دووپاتی دەکاتەوە، چەک دانێن هەتا وتووێژتان لەگەڵ بکەین. ئێستا دەڵێ گوتوومە دای مەنێن.
- هێزەکان دەبووا زانیبایان دووبەرەکی و نەبوونی فەرماندەیی هاوبەش چەند زەرەر و زیانی هەیە و دواتر دەبوا هەوڵیان بۆ دابا. کەچی بە پێچەوانەوە لێک دوور بوونەوە. هەر ئەمە بوو کە گیانی بەرگریشی لای خەڵک لاواز کرد.
- خەڵک گەرچی تاقیکردنەوەیەکی تاڵیان لەم شەڕە پەیدا کرد، بەڵام هیوایان هەر مابوو، چوونکە منداڵەکانیان درێژەیان بە خەبات دا.

**ئێستا لەو سنوورەی کە دامنابوو دەچمە دەرەوە**

با بچینەوە سەر قسەکەی خومەینی کە دەڵێ ئەو کارانە کە لە پێشدا دەبووا کردبامان نەمان کرد و کێشە دروست بوو. دیارە ئەو مەبەستی کوشتارەکانە. بەڵام ناوەرۆکی قسەکە بۆ ئێمەش راستە. دیارە ناکرێ کات بەرەو دوا بەرینەوە، بەڵام دەکرێ بۆ داهاتوو ببێ بە رێنوێن. چ دەبوو ئەگەر هەر بەو شێوە کە هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کوردمان دروست کرد، دەوڵەتی کاتیمان ساز کردبا و کارەکانمان بدایەتە دەست پسپۆڕ و لێزانەوە. چ دەبوو ئەگەر تۆسقاڵێک باوەڕمان بە دابەشکردنی دەسەڵات لە نێو خۆماندا هەبوایە. یانێ من پێم وایە لە داهاتوودا دەبێ وابێ. با

هەمووان لەژێر ناوێکدا کۆ ببنەوە. شەورایەکی کوردستان دابنێن و دەوڵەتێکی کاتی رابگەیەنن. بە بێ تێکەڵاوی حێزبایەتی. تەنانەت بۆ قازانجی خۆیان و رێکخراوەکەشیان بووە ئەمە تەنیا چارەیە. ئەوکات با ئەو دەوڵەتە بڕیار بدا چی دەکا و چۆن دەکا. دەنا دووبەرەکی لە نێو هێزە سیاسییەکاندا و بێ سەر و بەرەیی لە نێو جەماوەردا، هەر دەمێنێتەوە. دانیشتن بە هیوای دەرفەتێکی دیکە وەکوو ساڵی ٥٧، داڕزان لە باتی مردنە.

*************

ئەگەر کاتم مابێ دەمەوێ. دیمەنێکی نەختێک هەستیار کە لە ساڵانی پێشوودا نووسراوە بۆتان بخوێنمەوە. کە نەختێک لە وشکی کەلامەکە کەم بێتەوە. رەنگە پێشتر خوێندبێتانەوە.

بێدەنگییەکی سامناک دنیای داگرتووە. کپ و گەرم و پڕ لە ترس. شەوی بیست و چوارەمی شەڕە. کەس ناوێرێ لە پەنجەرەوە سەر بەرێتە دەرێ. سەدان کچ و کوڕی لاو، خەواڵوو و شەکەت و وەڕەز ریزیان گرتووە کە لەشار وەدەر کەون. دایە بێهێز و گێژ لە ژێرخانەکەی ماڵی خاڵە نێعمەت دێتە دەرەوە، لە ژێر پەنجەرەی ماڵەکەدا لە پەنا دیوارەکە دادەنیشێ و چاو لە ماتی و رەشی شەو دەبڕێ.

ئاسمان سپی بوەتەوە، ماتییەکی قورس و ئارەقە کردوو باڵی بەسەر ئاخر مەیدانی شەڕدا کشاوە. لووتکەی "ئاویەر" بۆ دیتنی خۆرەتاو ملەتاکێی دەکا. پاسدارەکان لەسەر بانان لە ناو سەنگەرەکانیاندا، ماندوو و خەواڵوو و توڕە، بێچرکە خۆیان مات کردووە. کوژراوەکان پەرش و بڵاو لەبەر دەرکەکان، لەناو جۆگەی خیابانەکەدا، لە پاڵ تەلیسە خیزەکاندا کەوتوون و لە بێڕەنگی بەیاندا وەکوو تارمایی دیارن. جیڕەی دەرکەیەک دەنگ دەداتەوە و موچڕک بڵاو دەکاتەوە. "دایە" بە سەرپۆشێکی سپییەوە کە لە ژێر چناگەیەوە بە دەرزیلەیەک هەڵیپێکاوە و وەکوو خرقەیەکی سپی بەسەر کراسە کوردییە کەوەکەیدا کێشراوە، لەناو دەرکە دیار دەبێ. تەقەی چەند تفەنگ سوارکردن دەبیسترێ. تەزبێحە درێژەکەی بە دەستییەوەیە و لە ژێر لێوەوە دوعا دەکا. گاڵۆشە نەرمەکانی خشە لە بێدەنگییەکە ناخا. ئارام و سووک پا هەڵدەگرێ و لە بن کۆڵانەکەوە دێتە پێشێ. هەتا سەر خیابانەکە، هەتا بەر دەرکی ماڵی خۆیان سەد هەنگاو نابێ. سەنگەری ئازاد کوڕە چکۆلەکەی لەبەر دەرکەی خۆیان بوو. دوێنێ لە کاتی تۆپ بارانەکەدا کە سفرە نانەکەی لەباوەش گرتبوو و هەڵاتبووە ژێرخانی ماڵی خاڵە نێعمەت، چاوی پێی کەوتبوو.

لەسەر کۆڵانەکە رادەوەستێ، دیمەنەکە لە خەیاڵ دەچێ، لە خەونی بەرەبەیان دەچێ. یەکەم پاسدار چەند هەنگاوێکی لێی دوورە. چاوی دەپروێنێ، وەکوو بیەوێ بزانێ راستە یان خەونە. هاوار دەکا

"کێی؟" دایە ئاوری لێی ناداتەوە. بە ئەسپایی هەنگاو هەڵدێنێتەوە و تەزبێحەکەی دەژمێرێ و بەسەر کوژراوەکاندا دەنووچێتەوە. چاو لەوانەی ردێنیان هەیە ناکا. جاشێک لەو لاوە هاوار دەکا "لە چ دەگەڕێی پیرە ژن؟" بە پارێزەوە لە سەنگەرەکەی ئازاد نزیک دەبێتەوە، چاو لە پشت تەلیسە خیزەکان دەکا، ئازادی تێیدا نییە. شەهابی جیرانیان سەری لەسەر دەستی داناوە و خەوی لێکەوتووە. گوللەیەک لە ژێر گوێی داوە. فرمیسکەکانی دەڕژێتە سەر گۆنای شەهاب. دەست بە کاکۆڵەکەیدا دێنێ. تەزبێحەکەی دەخاتە دەور ملی خۆی. پچەی ژێر لێوی نامێنێ. دوو سێ هەنگاوی دیکەش دەڕوا و دەگەڕێتەوە. ئاسمان سوور و شین بووە. ئاویەر ئارەقچنە زەردەکەی لەسەر ناوە. دایە روو دەکاتە دەرکەی ماڵەکەیان. دەست هەڵدێنێ ئەڵقەزوونەکە بگرێ، شریخەی گوللەیەک دەنگ دەداتەوە. دەستی بەردەبێتەوە. چۆکی دەشکێتەوە و سەر بە دەرکەکەوە دەنێ. گوڵێکی خوێناوی بە سەرپۆشەکەیەوە دەپشکوێ. ئیتر چاوی بە ئازاد نەکەوتەوە.

**تەیفور ئاپریلی ٢٠١٥**

**فرانکفورت**